نابێت هیچ پیاوێک شەو لە لای ئافرەتێک بمێنێتەوە کە پێشتر مارە کرابێت؛ مەگەر مێردی بێت یان مەحرەمی بێت

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت هیچ پیاوێک شەو لە لای ئافرەتێک بمێنێتەوە کە پێشتر مارە کرابێت؛ مەگەر مێردی بێت یان مەحرەمی بێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی دەکات لە مانەوە بە شەو بە تەنها لەگەڵ ئافرەتێک کە پێشتر مارە کرابێت، ولێرەدا باسی ئەو ئافرەتە کراوە کە هاوسەرگیری کردووە چونکە زۆر جار ئەمە ڕووەدات چونکە جاری وا هەیە بە تەنها خۆی ومێردەکەی لە ماڵێکدان یان چەند منداڵێکی بچووکیان هەیە بۆیە لەوەیە بە تەنها مانەوە ڕووبدات، بەڵام سەبارەت بەو ئافرەتانەی مارە نەکراون (کچە) زۆر جار بەو شێوەیە شەرم دەکەن وخۆیان لە پیاوان دوور دەخەنەوە ولە ناو خێزانەکانی خۆیانن کە برا وباوک وخوشک ودایکیان لەگەڵدایە بۆیە بە تەنها مانەوە لەگەڵیان ڕوونادات، وهەروەها زانراوە ئەگەر نەهی کرا بێت لە مانەوە بە تەنها لەگەڵ ئافرەتێک کە مارە کرابێت ئەوا مانەوە بە تەنها لەگەڵ ئافرەتێک پێشووتر مارە نەکرا بێت زیاتر نەهی کردنەکە دەیگرێتەوە. وئەم بە تەنها مانەوە مێرد ومەحرەمەکانی ئافرەتەکە وەکو باوک وبرا ومام وخاڵ وئەوانی تر ناگرێتەوە. وکاتێک دەفەرموێت: (نابێت هیچ پیاوێک شەو لە لای ئافرەتێک بمێنێتەوە) مانای ئەوە نییە کە بۆی هەیە بە ڕۆژ بە تەنها لەگەڵیدا بمێنێتەوە، وبە تەنها مانەوە لە شوێنێکدا لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم حەرامە لە هەموو کاتێکدا، لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە بە درێژایی ساڵ نەهی کراوە لە مانەوە بە تەنها لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا. وئەگەر کەسی مەحرەم جێی متمانە نەبێت ئەوا دەبێت ئافرەتەکە ئافرەتی تری لەگەڵدا بێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58172